

# کەژاڵ ئادەمی: هەرگیز تێنەکۆشاوم شێوازی بیانی لەبەرهەمەکانمدا ڕەنگدانەوەی ببێت

**دیداری پەروانە**

**کەژاڵ ئادەمی شاعیرو گرانبیێژی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدیدارێکی لەگەڵ رۆژنامەی پەروانەدا باس لەچۆنیەتی چونەناو دنیای هونەرو مۆسیقاوە باس دەکاتو باس لەبەرهەمەکانو ژیانی دەکات.**

**پەروانە: چونە ژوورەوە بۆ نێو مۆسیقا، پێویستی بەلەدەرگادانی دڵی کەسێك هەیە، یان ڕونتر بڵێین چونە ناو دنیای هونەر تاچەندە بەویستی مرۆڤ خۆیەتی؟**

کەژاڵ: مۆسیقا زایەڵەی هەستی مرۆڤە، کەواتە من لەسەر ئەو بڕوام خۆشەویستی بۆ مۆسیقاو هونەر بەگشتی لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە. مرۆڤ گەر بیهەوێ دەتوانێت هەنگاو بنێتە نێو دونیایی هونەرەوە، بەڵام بۆ گەشەکردن لەگۆرەپانی هونەردا دەبێت بەرۆحێکی پاكو ئاوێتەی خۆشەویستیەوە هەنگاو بنێتە ئەم دوونیا سیحراویەوە. دەبێت ئامانجێکی رونی بۆ خۆی دیاریکردبێتو بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی ماندو نەناسانە تێبکۆشێت.

رونتر بۆتان باس بکەم، من هونەر وەك دەریایەك دەبینم هەموو کەسێك بۆی هەیە بێتە ئەم دەریاوە، بەڵام هەموو کەس لەوانەیە نەتوانێت لەم دەریایەدا مەلەوانێکی باشو لێهاتوو بێت.

**پەروانە: لەکاتێکدا هونەر لێوانلێوە لەناسکی، یان ئەو دونیایە مرۆڤەکان ناسك دەکاتەوە، ئەی کاتێك کە ژن بەو هەموو ناسکەوە تێکەڵی ئەو هەموو هەست ناسکیەی گۆرانی دەبێت دەبێتەچی، تۆ تاچەندە ئیحساسەکانت ڕاپێچیانکردویت بۆ نێو ژورەکانی گریان؟**

کەژاڵ: زۆربەی ئەوانەی لەدنیای هونەردان هەستەکانیان ناسکە، چ ژنو چ پیاو. کاتێ من تێکەڵ بەدنیای گۆرانی بووم هەستم کرد لەم دونیایادا دەتوانم روتو بێپەردەتر باسی هەستەکانم، ئاواتەکانمو ئازارەکانم بکەم، لێوان لێو لەگەڵ گۆرانیەکانم بزە هاتوەتە سەر لێومو هەندێجاریش بەسەرشانی بەستەکانمدا فرمێسکم ڕژاندوە.

**پەروانە: لەسەرەتای چونە نێو دونیای گۆرانی ، تاچەندە مەبەستت بووە ببیتە کەسێکی دیاری نێو هونەری کوردی؟**

کەژاڵ: لەسەرەتاوە مەبەستم ئەوەبوو ئەو هۆنراوانەی خۆم دامرشتبون بەشێوازێکی جوانو ناسك لەئامێزی گۆرانیدا بگەیەنمە گوێی جەماوەر، کاتێ وردە وردە زۆرتر تێکەڵ بەم دنیا جوانو پڕ رەمزو رازەبووم مەبەستی سەرەکیم بوو بەخزمەتکردنو گەشەپێدان بەمۆسیقای نەتەوەکەم.

هیوادارم بەرهەمەکانم لەو ئاستەدابن کەجێگایەکیان لەناو بەرهەمە دیارەکانی مۆسیقای کوردیدا هەبێت.

**پەروانە: گۆرانیەکانی بەڕێزتان بۆکێ یە؟**

کەژاڵ: شیعرو گۆرانیەکانی من دەستکەوتی هەموو ساتەکانی ژیانی منە، ساتە خەماویەکانم ساتە پڕ لەتەنیاییەکانم هەروەها ئەو ساتانەی شادی لەدڵمدا شەپۆلی داوە لەهەموو گۆرانیەکانیشمدا، مەبەستی سەرەکیم عەشقو خۆشەویستیە عەشق بەمرۆڤو مرۆڤایەتی.

**پەروانە: لەکاتێکدا کە عاشقێك گوێ لەگۆرانیەکانی ئێوە دەگرێت دەگری، پرسیارەکە ئەوەیە، تاچەندە ئەو گۆرانیانە بەڕێزتانی گریاندووە؟**

کەژاڵ: هەرکات عاشقێ بەبیستنی گۆرانیەکانی من، دڵۆپێك فرمێسکی ڕژاند دڵنیابێت، بارانێك لەفرمێسکەکانی من بەسەر ڕومەتی ئەو گۆرانیەدا داباریوە.

**پەروانە: ئەگەر بێیتەوە کوردستان یەکەم شوێن کوێیە کەبەمەبەستەوە سەردانی دەکەن؟**

کەژاڵ: هەموو شوێنێکی کوردستان بۆ من ئازیزە، من رۆڵەی ئەو خاکەمو هەموو شوێنێکیم خۆش دەوێت. زۆربە ئاواتەوەم سەردانی گۆڕی شاعیری نەمر مامۆستا قانع بکەم، هۆی ئەم حەزەش ئەوەیە کە شیعرەکانی ئەم شاعیرە، منی فێری خوێندنو نوسینی زمانی دایکمی کردوو خونچەی حەزوو خۆشەویستی بۆ شیعرو ئەدەبی کوردی لەناخمدا چاند.

**پەروانە: ئەو ماوەیەی کەلە دەرەوەن تاچەندە تێکەڵی هونەری گۆرانی وتنی بیانی بوون ، تاچەندە کاریگەری لەسەرتان هەبووە، یان تاچەندە بەکارەکانی ئێوەوە ڕەنگی داوەتەوە؟**

کەژاڵ: هەروا کەدەزانین مۆسیقا بێسنورە، زۆربەی مۆسیقاکانم لاخۆشە، بەڵام هەستی خۆم لەمۆسیقای کوردیدا دەبینمەوە. لەم ماوەشدا ئەگەرچی لەئەوروپا ژیاوم، بەڵام هەرگیز تێنەکۆشاوم شێوازی بیانی لەبەرهەمەکانمدا ڕەنگدانەوەی ببێت، ئامانجو مەبەستی من گەشەپێدانی مۆسیقای کوردیە لەچوارچێوەی خۆیداو لەلاسایی کردنەوە خۆم دەپارێزم.

**پەروانە: ئایا ئەو عیشقەی کەلە گۆرانیەکانتدا بەدی دەکرێت ، تاچەندە لەنێو ژیانی ئاسایی خۆتدا ڕەنگی داوەتەوە؟**

کەژاڵ: هەرگۆرانیو هۆنراوەیەك کەلەناخی من دێتەدەر نوێنەرە هەستە ڕاستەقینەکانی خۆمە، لەگەڵ هۆنراوەکانم دەژیمو هەموویان زایەڵەی هەستی منو ڕووداو بەسەرهاتی ژیانی منن، من مرۆڤێکم کەهەمیشە عاشق، عاشقی عەشقو ئازادیو مرۆڤایەتیم.

**پەروانە: ژیانی ژنێکی هونەرمەند چۆن دەگوزەرێت، لەم پرسیارەدا مەبەست ژیانی بەڕێزتانە؟**

کەژاڵ: زۆربەی کاتەکانم تەرخانی شیعرو مۆسیقادەکەم، لەپاڵ ئیشی هونەریشدا لەزانکۆی ستۆکهۆڵم سەرقاڵی خوێندنم، لەبواری مێژوی مۆسیقاو کاریگەری سیاسەتو مۆسیقا لەسەریەك.

**پەروانە: ئەگەر نەچونانیەتە دەرەوە، هەر ئەو کەژاڵەی ئێستا دەبوویت؟**

کەژاڵ: ئەم کەژاڵەی ئێستا دەستکەوتی ژیانێکی ئازاد لەکۆمەڵگایەکی ئازاد بەبیرو بروایەکی ئازادە، گەر من ئێستا لەرۆژهەڵاتی کوردستان ژیابام، بێگومان لەبواری نوسینی شیعردا هەرچالاك دەبووم، بەڵام پێم وانیە لەبواری گۆرانیدا دەرکەوتنم ببوایە.

هەروەها لای هەموومان ڕونە بەداخەوە رۆژهەڵاتی کوردستان دیلی دەسەڵاتێکە تێیدا بوار بەژنان نادرێت گۆرانیو بەستە بچرن، کەواتە هەموو چالاکیەکانی من لەبێدەنگیدا لەلاپەرەی شیعرەکانمدا خۆی دەشاردەوە.

**پرۆفایل:**

**کەژاڵ ئادەمی ساڵی ١٩٨٣ لەشاری سەقز لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە.**

**لەتەمەنی ١٥ ساڵیندا دەستی بەژەندنی ئامێری کەمان کردووە لەقوتابخانەی سەبا خوێندنی تیۆری میوزیکی خوێندوە. ساڵی ١٩٩٨دەچێتە دەرەوەی وڵاتو لەوڵاتی سوید نیشتەجێبوە.**

**یەکەمین بەرهەمی بەناوی ( جوانترین وشە ) لەساڵی ٢٠٠٦دا بڵاوکردوەتەوە، کە لەشەش گۆرانی پێك دێت.**

# سەنایەک بۆ گۆرانی



**توانا شارەزووری دەینوسێت**

**دوو هەفتەیە**
**لە من وایە دوو سەدەیە**
**نە زەنگێکم بۆ لێدەدەی**
**نە کارتێکم بۆ دەنێری**
**نە نامەیە**
**وەرە بەڵێنت پێ دەدەم**
**لە چاوما جێت بۆ ڕادەدەخەم**
**شەوانە بۆت ببم بە مۆم**
**لە بەر تاڤگەی شیعرا بتشۆم**
**ئەوە تۆ بووی فێرت کردم**
**کرۆکی ژیان ئەوینە**
**ئەوە تۆ بووی فێرت کردم**
**خۆشەویستی هەر بەخشینە .**

گەر تۆپێت وایە دووسەدەیە بیری دەکەیت لە ئەنجامی دووهەفتە نەناردنی هیچ هەواڵو نامە و تەلەفونێك ئەوا ئەبێت بۆ ئەو عاشقە بێ چارانەی کە دووساڵو زیاترە دێوانە ئاسا بەدووی تروسکاییەکی نیگایدا عەوداڵن چەند هەزار ساڵێك بێت ؟ لە کاتێکدا نەهەواڵێك نەزەنگێکی تەلەفونو نەکارتێکو نەچاتێکو نەنامەیەك بوونی نیە .

حەمەسەعید حەسەن باشی نوسیوە تارا ڕەسوڵ یش بەو دەنگە جوانو حەزینەی جوانتری کردوەو ( ع.ج.سەگرمە ) ش جوانتر ڕۆحی کردۆتە بەری گۆرانیەکە، لە ڕاستیشدا گرنگە ئەوە بوترێ هەڵبژادنی ئەو شعرە لە لایەن تاراوە ئەوە دەردەخات کە گرنگە هونەرمەند خۆی لەناو ئەو دێڕانەو ئەو تنۆکە پیتانەی ناو ئەو چەمە شیعریە بدۆزێتەوە تا بتوانێت لە ناخەوە باشتر ئەدای بکات .

ئەو گۆرانیە لە بەردەم پرسیارێك دا ڕایگرتم پرسیم ئایا ئەو چاوانە کامانەن کە ئەبێت بۆ منی بێ جێگاو ڕێ جێگایی تیاڕاخرابێت وەلێ ڕەنگە هێشتا چاوێك نەبێت بۆ من بەڵکە جێگای من لە ناو ژووری پانزدەی ئوتێل (.........) ە کە تا ئێستا کاتژمێری وێنە کێشراوی سەر دیوارەکەی وەك بەختی کلۆڵی من چرکە ناکاو بێ دەنگ نوستوە وەك ئەو ساتەی بۆ یەکەم جار بەخەڵوز کێشرا .

بەڵێ دیسانەوە لە خۆم دەپرسم ئایا جەستەی تواوەی مۆم ئاسای من بەشی شەوێك توانەوەی تێدا ماوە؟ یان بڵێت زمانم گۆ بکات بتوانم تاڤگەیەك لە شعر دروست بکەم بۆ شۆردنەوەی باڵای ئەو کەسەی کە ڕەنگە منێك نەناسێتە ؟

هاوڕێ تا ئێستا چەند جار دەستت بەتەنەکەی خۆڵدا کردوە بۆ دەرهێنانەوەی ئەو پارچە کاغەزەی فڕێت داوەو بێ ئاگا لەوەی کە جارێکی تر بەکارت دێتەوە بۆیە دڵنیام هێشتا چەندین ووشەم تێدا ماوە کە تینی عەشق بە تۆ بدەمەوە ، هاوڕێ دەرم بێنەو جارێکی تر لێم بنۆڕە تا ڕۆژانی بێ تۆیو تەنهایمت بۆ وەگێڕم.

تاراگیان من نازانم تۆ بۆ کێ ی دەڵێیتو چاوەڕوانی نامەو زەنگو کارتی کێیت بە لام دڵنیام هەردووکمان و زۆری تریش هەن کە هەر چاوەڕوانین ، ئاخر ئێمە بێ ئاگا بووین ئەوان هاتنو فێریان کردین کە کرۆکی ژیان ئەوینە ئەوان چ ئەوی تۆی هێنایە چڕینو چ ئەوەش کە منی هێنایە گۆ فێریان کردین کە خۆشەویستی هەر بەخشینە بۆیە دوای فێربوونم ئەمێستا تەنها دووچاوم شك دەبەم بۆ بەخشین تا سەرخەوێکی عاشقانەی تێدا بشکێنرێ تەنها دڵێك شك دەبەم بۆ بەخشین بەیادکردنەوەی عەشق .

Twana_parwana@yahoo.com

This PDF was created using the Sonic PDF Creator.
To remove this watermark, please license this product at www.investintech.com